www.kurdistannet.org
13-2-2007 20:22 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڤالانتاین و گەنجانی کورد ... ستیڤان شەمزینانی

(راستیی شتەکان ئەوەیە بیڵێیت نەك بیزانیت)
شبلی شەمیل



وەك هەموو رۆژەکانی تری ساڵ گەنجی کورد دەبێت لەمرۆژەدا هەر حەسرەت هەڵبکێشێت، لە بازاڕی رەشی کاردا شیلەی گیانی بچۆڕێتەوە، لەبەردەم پرسگەی پیاوێکی میریدا چاوەڕێی چوونە ژوورە بێت، لە پەنا سوچی دەرگایەکدا پاسەوان بێت، ئەو هەر لە بناغەوە نازانێت ڤالانتاین چییە؟ چونکە ڤالانتاین سەر بەکولتوور و ترادیسیۆنی کۆمەڵگە چەپێنەرەکەی ئەو نییە. لە مەملەکەتە پارێزگارو دواکەوتووەکەیدا عەشق نەك هاووڵاتی بەڵکو پەناهەندەیەکیش نییە!. گەنجی کورد لە نزیکەوە ئاشناکراوە بە شمشێری خوێناویی ناموس و گوێزانی تیژی شەرەف، ئەو رۆژانە زۆرتر لە جارێك گوێی لە قیژەو قریشکەی ئەو کچ و ژنانەیە کە بە چەند لیترێك نەوت دەبنە خەڵوز، لە نزیکەوە و نزیکتر لە رەگی گوێ لالانەوەو هاواری مرۆڤە بەشخوراوەکان دەبیستێ، ئەو مافی لەززەت وەرگرتن و خۆشی چێژتنی پێنەبەخشراوە، دەبێت بەدوری دەبەیەك نەوتدا ویڵ بێت، وەك تانجی بەدووی تەنکەرە بەنزین و تراکتۆرە غازدا رابکات، ئەو تەنیا کاتژمێرێکیشی نەماوە بۆ خۆی، نا، نا ئازیزم کاتژمێرێکی چی؟ بۆ خولەکێکی بۆ شادیی بۆ ماوەتەوە؟.

گەنجی کورد چی لە ڤالانتاین بکات؟ بە ئەوچی ئەمرۆژە بەرۆژی ماچ باران و لە ئامێزگرتنە؟ ئاخر چارەنووسی ئەو لە شوێنێکە کە وڵاتی ڤالانتاین نییە ئاوایی چەقۆکێش و چەکبەدەستانە، دۆزەخی ئەشق و هەست گۆڕینەوەیە نیشتمانی رەسەنی ژنکوژانە، بستێك زەوی تێدا نەماوەتەوە لیکی شەرەفپەرستی پێدانەڕژابێت، عەشق لێرە لەم جەنگەڵستانە دیلی هەمیشەیی نێو قەفەسە، کۆترێکی باڵشکاوە، بازێکی سرکەو تا ئێستا کەس دەستەمۆی نەکردووە.

ئەشق لەم کاولستانەدا زۆر لە پیاوکوشتن ناشیرینترە، لەگەڵ ژەهرو TNT و مادە بێهۆشکەرەکاندا لە لیستێکدا دانراون، ئەوەی هەوڵی راهاتن بدات لەسەر ماددەو دەرمانی ئەشق بەپێی ئەحکامی دارستان و لەدادگای کولتووری کۆنەپەرستانە بەحزوری جیدیی عەشیرەت و مەلافتوا رەجم دەکرێت و لە بۆتەی کولتووری ژەنگگرتوو فڕێ دەدرێتە دەرەوە.

ئەشق چی دەکات لەو ئاواییەی گەورەترین زیندان و کابووسە بۆ جوانی و بۆ ژنان و بۆ هەموو ئەو گەنجانەی لەباوەش و لەسەر رانی نەرمی مەعشووقدا چاوەکانیان دەچێتە خەو یان حیلکەو قایایان وا بەرز دەبێتەوە دەگاتە بن عەرشی بەرزی خواوەند.

گەنجی کورد چۆن و لەکوێ یادی ڤالانتاین بکاتەوە؟ لێرە گەندەڵی رەزا سوك و جوانییەو عەشق قێزەون و نابووت، نامووسپەرستی خێرو چاکەیە و عەشق خراپەو ئەو پەڕی بەدکاریی، ژنکوشتن سەربەرزیی و ئابڕووە و ئەشقیش حەیای تکاو، خیانەتکردن و وڵات فرۆشتن تەواوێ شانازییە و ئەشقیش شەرمەزاریی و سەرشۆڕیی، مەلافتواچییەکان و خاوەن دیوەخانەکان دەست بەسینەوە دەگیرێ بۆیان و گوڵاوپرژێن و گوڵباران دەکرێن، عاشقانیش خانە بەدەرو گوللەباران، دزەگەورەکان دەبنە نوێنەرو دەمڕاست و عاشقانیش بۆ سزای سەنگەسار.

گەنجی کورد یادی کام ڤالانتاین بکاتەوە لەسایەی کێ و بە پشتوانی کێی تر باوەش بەدڵدارەکەیدا بکات؟ ئەم کاولستانە وڵاتی مەلاو عەشیرەت و دەستووری ژنکوژییە کوا جێگەی عەشقی تێدایە؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەبری یەك دانە دیسكۆ سێ سەد مزگەوت تەنیا لە شارێكدا دروستكراون، لەبری پاركێكی جوان و ئازاد سی سەد بارەگای حیزبی كراوەتەوە، لەبری یەك دانە كافتریاو قاوەخانە پەنجا تەكیەو خانەقاو دیوەخان خراونەتە سەرپشت، لەبری كردنەوەی ژوانگەیەكی دوور لە سانسۆرو سێبەری چەقۆی نامووس و دابونەریتی كۆن و سوننەتی، دەیان بنكەی هۆزەكان لە پێشوازیی سەنگەسارو ئەتككردنی ژنان و ژیاندا لەسەر پێ حازرو ئامادە راوەستاون.

گەنجانی كورد لە رۆژی ڤالانتاین لەگەڵ كێدا ئەم یادە بكەنەوە؟ چەپكە گوڵی خۆشەوێتی بدەنە دەست كێ؟ عەشیرەت یان سەركردەی درۆزن یان سیاسی هەلپەرست؟ لەگەڵ كێ پیاسەیەكی ناوباخچە بكەن؟ ئاخر ئەگەر خۆشەویستی لەوڵاتێكدا ببێتە خەباتی نهێنی و ژێر زەمینی ئیدی چ مەخسەدێك هەیە لەو دیو یادكردنەوەی ڤالانتاینەوە؟

گەنجانی كورد نەقەشە ڤالانتاین نەمەلاڤالانتاینیان هەیە، گەنجانی كورد نەدیسكۆ و ژوانگەیان هەیە، نە بەبێ ترس و لەرزی دابونەریت دەتوانن ماچێكی گوڵمی ئاڵ بكەن.

بۆ ئەوان ڤالانتاین نەك جەژن نییە، بەڵكو كارەساتێكەو بەری دڵیان دەگرێ. وڵاتێك تەنیا تەپۆڵكەیەكی هەبێت وەك سەكۆی كوڕان و كچان (گردە مژە) جەنگەڵەو كۆنەپەرستی و دابونەریتی خێڵ بڕشتی لەبەر بڕیوەو لە گێژاوی نارەحەتیدا مەلەدەكات. ناهەقم مەگرن بڵێم ڤالانتاین بۆ گەنجانی كورد نییە، ناهەقم مەگرن بڵێم كوردو رۆژی خۆشەویستی كوجا مەرحەبا، ناهەقم مەگرن بڵَێم ڤالانتاین درۆیە، درۆیە لەوڵاتێكدا كە هەروەك (ئەحمەدی شاملۆ) دەڵێت: دێن بۆن بەرۆحتەوە دەكەن نەكا رۆژێك وتبێتت خۆشم دەوێی.

كەواتە گەنجانی خۆشەویستی كوردستان لەرۆژی ڤالانتایندا نەگبەتیتان باش!!

Shamzini79@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.